**Democratic Union of Iranian Kurdistan**

**یەکێتی دیمۆکراتەکانی کوردستانی ئێران**

هاونیشتمانی بێ بەش لە ئازادی!
کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان!

رۆژی 27 ڕێبەندانی 1384ی هەتاوی خەڵکی شاری ماکۆ دەستیان دایە خۆپێشاندانێکی هێمنانە بۆ دەربڕینی بێزاری خۆیان بە زوڵم و زۆری ڕێژیمی ئاخوندی دەرحەق بە گەلە بەشخوراوەکەمان بەگشتی و خەڵکی ماکۆ بەتایبەتی. خەڵکی ئازادیخوازی شاری ماکۆ بە گوتنەوەی دروشمی دژی ڕێژیم و پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی بە گشتی و حیزبی دیمۆکرات بە تایبەتی درێژەیان بە خۆپێشاندانەکەیاندا. قاسملو قاسملو ڕێگات درێژەی هەیە، بژی حیزبی دیمۆکرات نیشاندەری ڕێی خەبات، مرگ بر جمهوری اسلامی، مرگ بر خامنەای، بەشێک بوون لەم دروشمانە کە بەردەوام دەگوترانەوە. زۆری نەکێشا کە خۆپێشاندانی هێمنانەی خەڵکی شاری ماکۆ کەوتە بەر هێرشی هێزە کۆنەپەرستەکانی کۆماری ئیسلامی و بە دستڕێژ کردن لە خۆپەشاندەران وڵامی داخوازیەکانیان درایەوە.
لە ئاکامی دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بە دژی خەڵکی بێدیفاعی شاری ماکۆ 11 کەس لە خۆپێشاندەران شەهیدو 25 کەسیش بە توندی بریندار بوون.هەر لە هەواڵەکەدا هاتووە کە زیاتر لە 400 کەسیش دەستگیر و ڕەوانەی زیندانەکانی ڕێژیم کراون.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هەواڵەدا رۆژی یەك شەممە 30ی ڕێبەندان خەڵکی ناوچەکانی ماکۆ، پۆڵدەش و شوت بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شاری ماکۆ و بۆ ناڕەزایی دەربڕین بە دژی ڕەفتارەکانی ڕێژیم دەستیان دایە خۆپێشاندان کە ئەو خۆپێشاندانانەش کەوتنە بەر هێرشی هێزەکانی ڕێژیم و دەستڕێژی گوللەی بەکرێگیراوان و لە ئاکامدا 6 کەس لەم خۆپێشاندەرانەش بریندار بوون کە لە نێویان دا ژنێکی 25 ساڵەو منداڵێکی تەمەن 7 ساڵی دەبیندرێ.
یەکێتی دێموکراتەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوم کردنی کردەوەی هێزە دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامی، پشتیوانی خۆی بۆ خەڵکی تێکۆشەری شاری ماکۆو دوپات دەکاتەوەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس و کاری شەهیدەکان و خەڵکی بە شەرەفی شاری ماکۆ دەکاو هیوای چاك بوونەوەش بۆ برینداەرەکان دەخوازێ. هەر لەم پێوەندیە دا داوا لە کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەکات کە بە هاواری خەڵکی بێبەش لە ئازادی کوردستانەوە بێن و ئەو جینایەتەی ڕێژیمی ئاخوندی لەقاو بدەن. هەروەها داوا لە ڕێکخراوەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ دەکات کە فشار بخەنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.بۆ ئازاد کردنی هەرچی زوتری گیراوەکان.

کۆمیتەی ناوەندی
یەکێتی دێموکراتەکانی کوردستانی ئێران
4ی ڕەشەممەی 1384ی هەتاوی

www.ydki.info
yeketidemokratekan@yahoo.com